کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 15:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کلکایەتی بەرەی تورکمانی ... ستار چاوشین

ئەمرۆ لە کەنالی ئاسمانی بەرەی تورکمانی وێنەی سەرۆ کی هەرێمی کوردستان، ئاڵای کوردستانیان سوتان، بە شایلۆغانەوە لە تی ڤی یەکەیان پەخشیان کرد..

رەنگە ئەگەر لە ڕێپێوان خۆپیشاندانێکی نارەزای بوندا بوایە ئەو وێنەو دیاردەیە وە راگەیاندنیش وەك ئەرکی خۆ بڵاوی بکردایەتەوە دەبوو بە پەیامێکی سیاسی لای دەسەڵاتی کورد بە تایبەت و گەلی کورد بە گشتی، بەلام کە تەنها لە ئاهەنگێکا تایبەت بە کاربە دەستانی میت ی تورك و چەند کەسێك لە پیاوەکانی بە ناو بەرەی تورکمانی دەردەکەوێت جگە لە جوێن و بەد رەوشتی لە سیاسەتکردندا هیچ پێناسێکی تری پی نادرێت هیچ گرنگیەکی هەرێمی و ناوچەییشی نابێت، لێرەدا قسەمان لە سەربە ناو بەرەی تورکمانی نیە ئەوەندەی لە سەردەوڵەتی تورکیایە، چونکە هەر یەکێك لە بە ناو بەرەی تورکمانی باکگراوەندێکی کلکایەتی یان هەیەو ناسراو بون لای گەلی تورکمان لە کرکوك و گەلی کوردیش لە هەرێمی کوردستان بە گشتی..

تورکیا دەوڵەتێکە لە ستراتیژیەتی یەکەمینی دا لە هەوڵی ئەوەدایە هەنگاوەکانی بگەیەنێتە یەکێتی ئەوروپا وە کاری دیبلوماسیەتی تورکیا چەند ساڵیکە بە چڕی لە سەر ئەم خاڵە وەستاوە، ئەگەرچی لەناو خۆدا تورکیا بریندارە بە کۆمەڵی برین وەك مافەکانی کورد لە ئێستا و ئەرمەنی یەکانیش لە روی مێژوی و مافی مرۆڤ لەو ولاتە، وە لە روی نێو دەوڵەتی یەوە وکێشەی قوبرس، لە هەموی سەیرتر بە هێزبونی بزاڤی اسلامی وەك خەونێکی (خەلافەتی) لای گەلی تورك و مل نەدانیان بە پرۆسەی دیموکراسی وهتد ... لە گەڵ ئەمانەش بەم دیاردە ناشارستانی ناوچەیی یانە تورکیا لە بەردەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سوك دەبێت گرنگی لە بریارو راسپاردە نێودەوڵەتی یەکاندا نامێنێت، پەلاماری بەرێز مام جەلال پێش پرۆسەی ئازادی کە سەرۆکایەتی شاندێکی رەسمی هەرێمی کوردستانی دەکرد نائەخلاقی یەکی تری تورکیابوو بەرامبەر گەلێکی دراوسی یَ خۆی کە شەرعیەتی نێو دەوڵەتی وز هەریمایەتی هەیە لە ناوچەکە، دەبێت تورکیا ئەوە بزانێت سەرۆ کی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمێکە کە گەلانی کورد، تورکمان، کلدو ئاشور تەنانەتی عەرەبیش تیایدا دەژی بۆیە هەر لێدانێك لە کەسایەتی سەرۆك و ئالاکەی لێدانە لە پیرۆزی و سیمبولاتی ئەم هەرێمە،

ئەگەر چی ئەم جۆرە دیاردانە پێویستی بە هەڵوێستی گەلی تورکمان هەیە لە کوردستاندا کە مێژویەکە لە گەڵ گەلی کوردو گەلانی تر لەم ناوچەیە پێکەوە دەژین، وە ئەم جۆرە کردارە نەشیاوانە بۆشایی یە لە ناو میللەتێك کە خەڵکێك بە بی نوێنەرایەتی و شەرعیەت وەرگرتن دزەیان لێوە کردووە بە ناو ئەوانەوە بازرگانی دەکەن..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.